دووەم: ئەم خەڵکەو ئەو ئیدارەیە توانیان بە هیزو ئیرادەی بەرگریکارانەی خویان شەری وەحشی ترین هیز کە داعش و تاقمەکانی تری وەک نەسرەو جەبهەی شام بو بکەن کە رژیمی ئوردوگان و سعودیەو قەتەرو تەنانەت زەر جار رژیمی ئەسەدیش هاوکاری دەکردن بو شەر لە دژی ئیدارەی رۆژیاوا. شەری بەرگری کوبانی نمونەی داستانە میژویی یەکان بوو .وە سەرنجام کۆتایی بە هەرەشەو مەترسی سیناریورەشەکانی داعش بینن و نەیەڵن کارەساتی شەنگال بەسەریاندا رووبدات.

سەهەم؛ لە بەتەی هەمو ئەم شەروململانی ناوخویی وناوچەیی و جیهانی و ئابووقەی ئابوری لەهەمو لایەکەوە. ئەو خەڵکە توانی پرسەی هەلبژاردنی نوینەرایەتی ئەنجام بداو ئیدارەیەک دامەزرینن .هاوکات کۆمەڵی یاساو بریار پەسەند بکەن لە قازانجی خەڵک بە گشی و ژنان بە تایبەتی کە لە میژویی هەمو رۆژهەڵاتی ناوەراست لە دورو نزیک

بی وینە بو. ئەویش یاسای یەکسانی تەواوی ژن و پیاو بو کە ببیتە مایەی توردانی هەمو یاساو بریارە پیاوسالارو دژە ژنەکان.
چوارەم:هاتنە مەیدانی ژنان هاوشانی پیاوان لەهەمو بوارەکاندا تەنانەت لە بواری سەربازی و جەنگیشدا کە لە دوای شۆرشی ئوکتوبەری ١٩١٧ و روسیاوە بی وینە بوە.ژنانی لەو بونە هیمای گیرانەوەی ئیرادە بە ژنانی ناوچەکەو جیهان.ئەگەر ژنان لە سایەی دەسەلاتی تازە ئازمونی قەومی نیمجە ئیسلامی لە کوردستانی عیراق بە بەهانەی ناموسپەرستی یەوە تیرەرو رەشکوژی دەکران و، گوە و لوتو زمانیان دەبرا بە ئاشکرا ،ئەوە ژنانی رژئاوا بەم هاتنە مەیدانی جەنگی دژی داعش نەک هەر نەریت و کەلتورو یاساو ریسای پیاو سالاری و شەرعی ئیسلامیان تورەدا بەکو سەلماندیان کە هیچ جیاوازی یەک نابی لە نیوان ژنو پیاو هەبی.

پینجەم: ئەم ئیدارییەو ئەم خەباتکە خەیان بە دور گرت لەهەمو شەرو ململاننو هەستی نەتەوەو دینی و تایەفی و عەشیرەتی .هەمو ئەو خەباتکە بە هەر جیاوازی یەکی روکەشی کە هەیان بوبی پیکەوە ژیانیان لەم چەند سالە بردە سەرو زەریک لە پستە ئیداری یەکانیش سپیردران بە کەسانیک کە کورد زمان نین سەرەرای باڵادەستی ئاسە و ئامانجی بە هواەت مەدرینیتی یەکەی پەکەکە.
بەیە هەتا ئیستاش سەرەرای کەتایی هاتنی داعش و مەترسی یەکانی بە خەباتکی رژئاواو، هاوکات هاتنو چونی هیزە سیاسی یە باڵادەستەکانی پشتی ئەو ئیدارییە لە نیوان هیزو دەولەتە ئیمپریالی یەکان و یەک لانەکردنەوەی چارنوسی ئەو ناوچەیە لە رووی ئیداری و یاسایی و حقوقی یەوە، و نەکەوتنی تەواوی بڵای جولانەوەی کریکاری و کومونیستی لە ئاستی ناوچەکەو جیهان، بەام هەر پیویستە ئەم بەریە پشتیوانی لەو خەباتکەو تەنانەت ئیدارەکەشی بکەن .بە تایبەتی بەرامبەری هەرشەکانی سوپاو دەولەتو دەسەلاتی ئوردوگانی قەومی وئیسلامی فاشی .
وە لە ریگای نارزایەتی دەبرین وتەنانەت بشداری کردن لەهەمو ئەو نارزایەتیانەی دژی ئەم هەرشانە بریدەخری .هەتا کەمکی سیاسی و کەمڵایەتی ودارایی بە کەتایی هینان

موزەفەرعەبدوڵا
٢٠١٨-١-٢١

هەمشە کامینەم؟ … جەلال بەرزنجی

چیتر کامینە نەبم،
لە سەر پارچە عاردەکەی خۆم
بەسەروەری بژیم،
ئاوە خوونی باوکیشم بوو،
بردیە ژێر گڵ.
لە رەگەی چوونە وێندەرم.
دەترسم، منیش،
ئاو خوونە ببەمە لای ئاو.
٢٠١٨-١-٢١
کەنەدا

بۆچی رەفتاری پۆپۆلیستی لە کوردستان پەرەی سەندووە ؟… عیماد عەلی

قسە و کردارێك بە پێی رازیکردنی خەڵك بێت، ئەگەر لە دواجاردا بە زەرەریشیان بکەوێتەوە. سواربونی شەپۆلی رای گشتی و بە تایبەتی نارەزایەتیەکان و بۆچونی کەمەگە لە ئان و ساتی خۆیدا. ئەمە بە پێی بیرکردنەوە و رەفتاری چەمکێك جیبەجێ دەکرێت کە لە پێناو بەرژەوەندی هەمەجۆری تەسکی حزبی و شەخسی و تێمارکردنی خاڵی لاواز و هەرزان و پێکانی هەندێ ئامانجی تایبەت و دوور لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و هاندان و وروژاندنی خەڵك بێ مەبەستی تایبەت، بە قسەی قوت و شیعارات دەبێت، کە پێی دەڵێن چەمکی پۆپۆلیزم .
ئەگەر ئەم رەفتارانە لە کردەوەی لایەنە کوردستانیەکان وردبکەینەوە، زۆر بە روونی بۆمان دەردەکەوێت کە سەرجەمیان و هەر

یەکەو بە ڕۆژەیەك بەبەری نیە لەم بۆچون و ڕەفتارە سیاسیە ڕووتە بۆ ناوەڕك و زیانبەخشە.

تەماشای ڕەفتاری حزبەکان و پەیوەندیەکانیان بکەن و مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەکانی کوردستاندا بخوێننەوە، وا دەریدەخەن کەهەر یەکەو هەوڵستی تایبەتی خۆی لەمەر ڕووداو و پرسەکان هەیە، بەڵام بە وردبونەوە لە قسە و بۆچون و ڕەفتاریان لەمەر چەمکی پڕۆپاگەندیستانە لە بەرکردنی کاری سیاسیانەی ڕۆژانەیان، هیچ جیاوازیەکیان نیە. هیچ کاتێك نەمانبیستووە کە ڕای گشتی زاڵ ئەگەر هەڵە و کارەساتباریش بێت و بە هاندان و پاڵپشتی دەرەکی و تەنانەت دوژمنانیش دروستی کردبن لە لایەن هیچ حزبێکەوە بە ڕاشکاوی ڕەت کرابێتەوە، ئەوەتا یان بەشەرمەوە لێ دەڕوانن و قسەی ناڕوون و ناڕاستەوخۆ دەکەن، یان دوور لە حەقیقەتی هەوڵستی ڕاستەقینەی خۆیان لێدوان دەدەن و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، کەچی پاڵنەری ئەو بۆچونانەشیان دەرناخەن.

ڕۆژێك حزبێکی ئەم کوردستانەت بینیوە کە بە ئاشکرا باسی لە بۆچونی خۆی لە ئاست کێی گشتی بۆچونی خەڵك لەمەر پرسە گرنگەکان و بۆ نمونە لە ئاست بیری نەتەوایەتی کردبێت، کە لە دەرئەنجامی ڕەفتاری ئەوان و دەستوەردانی دەرەکی، لە خۆفیداکاری و قوربانیدان لە پناو ئامانجی گشتی پاشگەزبونەتەوە، لایەنێکت بینیوە قسە لە زار بواری هاوردەی نارەسەنی زیانبەخشی دەرەکی بۆ نێو گەلی کورد بکات و بە هەڵە لەقەڵەمی بدات و، ڕەخنە لەخۆی بگرێت و بە هەڵە بزانێت هەڵە بە ڕاست بزانێت ڕاست و لەگەڵ کێی بیرکردنەوەی خەڵکدا نەبێت ئەگەر هەڵەش بن و و ڕەخنە لە خۆی بگرێت. لە دەردانی سیاسەتی ئەم حزبانە بۆ گیان و دەرونی میلەت لەویشدا لایەن ئەوانەوە چەکەرەی کردبێت و دروست کرابێت و جێگیر بوبێت. ڕۆژێك گوێت لە یەکێکیان بووە بڵێت ناهێم خەڵك ڕای خۆی بە ڕوونی دەربخات و هەموو مافەکانی پیادەبکات و تەنانەت بەعەکسەوە بە قسە پشتگیری لە قسەو بۆچونی خەڵك دەکات، کەچی لە سەر ئەرزی واقیع بە ئاگر و ئاسن ڕەتیدەکاتەوە و ناهێڵێت تەنانەت هەنگاوێکی دیموکراسی بنرێت ئەگەر لە قازانجی تایبەتی حزبی و شەخسی سەرکردایەتیەکان نەبێت. تۆ تەمشای کاتی بانگشەی هەڵبژاردنەکان بکە، چۆن خەیرات دابەش دەکەن و بە قسە و هەندێك ڕەفتار و خۆنواندن و توانای مادی دزڕاوی مافی ئەم میلەتە دەبنە خزمەتکاری میلەت و لە دوای هەڵبژاردن تەنانەت ڕۆژەیەکی زۆر زۆر کەم لەو پەیمانانە نەبێت ناهێننەدی. قسەو ڕەفتاری حزبەکان بۆ مەبەستی پڕۆپاگەندیستانە گرنگی بە ناوەڕك نادات

و زۆرجار بە شێوەیەکی دژگما دەدوێن و رەفتار دەکەن، نەوەك لە بازنەی رازیکردنی خەڵکی نارازی دەربچن، کەچی بە کردەوە و بابەتی گرنگی تایبەت بە گەلی کوردستان نەك لەبەر زەرەرکردن لەسەر حسابی حزب و سەرکردایەتیەکانیان ناجوێنەوە و رەفتار ناکەن بەکو پشت بە چەواشە کردنی خەڵکیش دەبەستن.

ئەگەر بە وردی لە قسە و شیعار و رەفتاری سەرجەم لایەنەکان بروانین، جگە لە قسەی زارەکی وهەوڵی خەڵەتاندنی خەڵك و کپکردنی نارەزایەتیەکان بە هەموو شێوەیەکی کردەیی و خۆنیشاندان لەگەڵ داواو داواکاریەکانی نارازبوان هیچ شتێکی ترمان لێ نەبینیون. ئەمەش دەچێتە قاڵبی فیڵ کردن لە خەڵك. لە جەوهەردا ئەمەیە پیادەکردنی رەفتاری پێپۆلیستی لە نێو گەلێکی دواکەوتووی وەك کورددا.
ئەگەر وردتر باسی بکەین، ئەم چەمکە هەر لە کۆبرکێ و ململانێی یەکێتی و پارتی بە کردەیی پیادەنەکراوە کە لە سەری رێشتوون تا ئەو کاتەی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە دروستبوو، بەکو ئەمانیش وەك ئۆپۆزسیۆن نەك ئەمەیان بنبرنەکرد بەکو لەوان زیاتر پشتیان پێ بەست لە بانگەشە و رەفتار و بۆچونە سیاسیەکانیاندا و، بەکو بە قوڵی زۆر لە دەسەڵات زیاتر سەپاندیان و جێگیریان کرد و ئەم بۆچونەش بووە هۆی پاشەکشەیان و کاریگەریەکی سەلبی زۆر گەورەی لەسەر ئەوانیش دانا. ئەمرۆش بە رووتی دەیبینین، سەرەتای سەرهەڵدانی هێزگەلێکی نوێین هەر لە ئێستاوە خۆیان لەو چەمکە لانەداوە و تەنانەت لەیەکەم رۆژەوە چ وەك باوەر بونیان بە چەمکەکەیان بە ناچاربون وهەکاری قناغەکە کەلە پێش هەلبژاردنداین و پێویستیان بەدەنگە بە زەقی لەسەر هەمان ریتمی ئەوانی تر دەرێن و جگە لە وەعد و پەیمانی گەورەی دوور لە واقع، کە زۆریکی دەچێتە خانەی خەیاڵەوە ئەگەر وەزعی کوردساتن بخوێنینەوە، ئەوە هیچ قسەیەکی ترمان نەبیستووە کە باوەر بکەین جێگەی جێبەجێ کردن و بەدیهێنانە لە لایەن ئەمانەوە.

هەر لەم بارەشەوە، زۆرجار بەهانەی وا دێننەوە لەپێناو پیادەکردنی ئەم چەمکە زیانبەخشە، کە لە قوتوی هیچ عەتارێکدا نیە. پشت بە لێدانی یەکتر دەبەستن و پەنا بۆ هێزی دەرەکی دەبەن و تەنانەت خیانەت دەکەن بۆ ئەوەی قازانجی تایبەتی حزبی و کەسی بکەن، کەچی بە بەرژەوەندیەکانی میلەتەوە دەیبەستنەوە و، بە کۆمەڵك ئیدعای ناراست تا رادەیەکی زۆر ئاستە نزمە رۆشنبیریەکەی خەڵك ئیستغلال دەکەن و دیانخەڵەتێنن، ئەگینا مەعقولە لایەنی دەرەکی و نەتەوەی

سەردەست لە قازانجی گەلەکەت بێت و لایەنە رکەبەرەکانت دژی بن. تۆ تەماشای ئەم چەن مانگەی پێش و پاش پرسەی ریفراندۆم بکەن و لەگەڵ ناوەڕۆکی چەمکی پێپلیستی لە رەفتاری سەرجەم لایەنەکان بەراوردێکی کورتی بکەن، ئەوجا بە جوانی رادەی چەسپینی ئەم چەمکە لە گیان و رەفتار و عەقڵیەتی سەرکردایەتی کۆن و نوێی کوردستاندا دەبینیت و ئەو چەواشەکاریەت بۆ دەردەکەوێت کە بەم ئامانجە چەند زیان لە پرس و چارەنوس و دواڕۆژی گەلی کوردستان دراوە. هەر تەنها بە پلۆرالیزم و ململانێی نابەجێی فرەحزبی و نەبونی بنەما جێگیرەکان و ونبونی خەتی سوور، دەرگای رەفتاری پێپلیستانە نەکەوتۆتە سەر پشت، بەکو وا بروات زیاتر جێگیر دەبێت و دەبێتە دەرد و بکوژی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کوردستان و جگە لە دوژمنان هیچ لایەکی تر قازانجی لێ نابینێت. بۆ نەهێشتنی ئەم چەمکەی کە بۆتە دیاردەی سیاسی، دەبێت خەڵك باوەر بە قسە و قسەڵکی حزبەکان نەکات و واقع و ئەوەی لەبەردەست و لە توانایاندا هەیە بخوێنێتەوە.
ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە تا رادەیەك بژاردەی ڕۆشنبیر وئەنتلجنسیا و خەڵکی واقعبین و جەوهەر خوێن، تا ئێستا بەم کردەوە پێپلیستانەی حزبەکان هەڵەنەخەڵەتاون و پشتی پەردە دەخوێننەوە، هەرچەند ڕۆی ئەوتۆ لە نابوت کردن و قڕەون کردنی ئەو حزبانەیان نەبینیوە، بۆ ئەوەی لەم رەفتار و بیر و قسە پێپلیستانە سڕ بکەنەوە.

منداڵانی باخچەوەنراوە ..عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی

دەمکە وەك نوسەرێك لە بواری ئەدەبی منداڵاندا و مامۆستا و خەمخۆرێکی پەروەردەیی ئەو دنیا جوان و بێگەردەی منداڵ،لەهەوڵدام تا بە چەپکێك هۆنراوەی تایبەت بۆ قۆناغی (باخچەی منداڵان) ئامادەبکەم و وەك دیارییەك لە شێوەی کتێبکدا پێشکەشیان بکەم.پێشتر چەندین هۆنراوەی تایبەتمان بۆ نوسیبوون و هەندێکیان لە گۆڤارە تایبەتەکانی منداڵان و هەندێکیشیان لەو کتێب و نامۆلکانەی کە بۆ منداڵانم بە چاپ گەیاندبوو بۆاوم کردوونەتەوە.لە باخچەکاندا کاریان لەسەر کراوە و ئاوازیان بۆ دانراون.دواتریش هەندێکی تر و تایبەتتر و سەردەمیانەم نوسی.کە

لە ئەنجامدا بوون بە کتێبێك. بەڵام پێش ئەوەی کە ڕۆشنایی چاپ ببینێت و بگاتە بەر دیدە و دڵی منداڵان و مامۆستایان و خەمخۆران، ویستم هەندێکیان لەرەوە بە ئاوە ئاشنا بکەم، بۆ ئەوەی بەبینینی ئەم ئاسۆیە سەرنج و تێبینییەکانی ئاوەش هەنگین و ئازاوەتری بکات . لەرەدا کەمەڵك هونراوەی تایبەت بە باخچە و ناوی باخچە و ژووری باخچە دەخەمە ووو بەو مەبەستەی خزمەتێکی بچوك بە منداڵانی ناسك و نەشمیلەی باخچەی منداڵان بکەم و سەرەتایەکیش بێت بۆ دروست بوونی پڕۆگرامێکی لەوانەو لە هونراوەی پەروەردەیی و فێرکاری و گونجاو تا مامۆستایانی باخچە سودی لەوەربگرن و بەکاریان بهێنن بۆ منداڵانی باخچەکانیان.وەك دەزانین (باخچەی منداڵان دەزگایەکی پەروەردەیی تایبەت بە مداڵانی قۆناغی پاش دایەنگە و پێش چوونە قوتابخانەیە). لە ڕاستیدا منداڵانی باخچەی منداڵان، پێویستییەکی زۆریان بە هونراوە و چیرۆکی تایبەت بە خۆیان هەیە ، تا چێژی لەوەربگرن و لە هەمان کاتیشدا هەندێك زانیاری لەوە فێربن ، تا لەڕێی بابە و دایە و مامۆستایانی دڵسۆزی باخچەوە بگات بە گوێی ئەو منداڵانەی کە بە پەرۆشەوە لە باخچەی منداڵان چاوەڕوانن و ئامادەن بۆ وەرگرتنی ئەم جۆرە هونراوە و چیرۆکانە. بۆیە ڕوویان تێدەکەم و دەڵێم:

منداڵە نەشمیلەکان.....گوێخونچە وردیلەکان
دیاریم پێیە بۆ ئاوە.... بۆ خۆشی و خەندەی لەوە
هونراوەی خۆش و شیرین.... دەتانخاتە پێکەنین
دەتوانن بە گۆرانی..... بۆن بە شادمانی
بە سەما و یاری کردن.... تا هەمیشە دڵخۆشبن
سەرچاوەی زانیاریە.... بە سودترین دیاریە

بۆ ناوی باخچە چەند هونراوەیەك دەنوسم ،ئەم هونراوەیە بەناوی (باخچەی منداڵانی بەندەر)کە بەشاوەیەك نوسیومە کە دەتوانرێت بۆ هەر باخچەیەکی تریش بەکار بهێنرێت کە ناوی باخچەکە دوو بۆگەیی بێت.

باخچەی (بەندەر)

باخچەی (بەندەر)،خۆشە و دڵگیر.....ئازاوەیە بۆ ئامەی ژیر
مەبەندکە بۆ زانیاری.... بۆمان بۆتە شاری یاری
بۆ چیرۆکی باش و بەسود. بۆ هونراوەی خۆش و سرود
بۆ ئاپەڕێت، گۆرانی زۆر.... فیلم کارتۆنی جۆراوجۆر
بۆ کۆشانی وێنەی جوان جوان.... بۆ دیدەنی و گەشت و سەیران
باخچە وەکو ماڵی خۆمان.... خۆشترین جێگایە بۆمان
سۆز و ناز و میهرەبانی.... مامۆستا ئازیزەکانی
بۆ ئامەی خونچە پێویستن.... بۆیە لامان خۆشەویستن

ئەمەش هۆنراوەیەکی تر کە هەموو باخچەیەکی منداڵان دەتوانێت بەکاری بهێنێت و ئاوازی بۆ دابنێت و بە گۆرانی منداڵانی باخچەکە بڵێنەوە.

باخچەی منداڵان

لە باخچـــــەی منداڵانم... وەك گوڵ ناسك و جـــوانم
ئەو مامۆستانـــەی لەوێن... وەك چـــاوم خـۆشم دەوێن
میهرەبان و دڵســـــــۆزن... بۆ منداڵی وەکـــــــو من
زانیاری و ئامۆژگـــــاری... چالاکی خـــۆش و یـــاری
دیـــــاری جوان و رازاوەن... پێشکەشی ئێمـەی دەکـەن
بۆیە ئێمـەی جوان و گوڵ... سوپاسیان دەکـەین بە دڵ

بۆ بەخێرهاتن و پێشوازی لە میوان و ئەو کەسانەی کە سەردانی باخچە دەکەن دەتوانرێت مامۆستای مۆزیك ئەم هۆنراوەیە ئامادە بکات و گروپێك لە منداڵان بیڵێن.

ئاوازی شادی

ئەمڕۆ ئێمە دڵخـــــۆشین... خەندەمان لەســـــەر لێوە
ئەها چەند جوان وەستاوین... بۆ پێشـــــوازی لە ئێوە
دەنگی ناسك و خۆشـــمان... ســـــــۆز و ئاوازی جیایە
پێشکەش بە ئێوەی دەکەین... هەر دەڵێی مۆسیقـــــایە
دەڵێین یاخـــوا بەخێر بێن... دڵخۆشین کـــــە ئێوە دێن
بمان بینن چـــــالاکین... ڕۆح سوك و دەرون پـــاکین
تەماشاکەن چەند جوانین... هەی بەختیاری ژیـــانین
ئێمە هەردەم ئاسـوودەین..... بۆیە وا دەم بە خەندەین
هەروەها ئەم هۆنراوەیەش بۆ هەمان مەبەست بەکار دێت.

بەخێرهاتن

بەخێرهـاتن هەر هەمووان... بۆ ناو باخچـــەی منداڵان
بـــۆ بینینی ڤیستیڤاڵ..... چالاکی ئێمـــــەی منداڵ
وا بۆ پێشـــــوازی ئێوە... گشت وەســـتاوین بە پێوە
چـــــالاکیمان ئەنوێنین... بوونیشمان ئەســـەڵمێنین
پێتان ئەڵێین بەخـــێربێن... دڵخۆشـــــین کە ئێوە دێن
میوانی ئێمەی خونچـــەن... دڵســـــۆزیتان دەردەخەن

ئەم هۆنراوەیەش بۆ کۆتایی ساڵی بەکار دەهێنرێت ، کە منداڵان کۆتایی بە باخچە دەهێنن و ئامادە دەبن بۆ ئەوەی کە بۆ ساڵی دواتر بچنە قوتابخانە.

سوپاس و ماڵئاوایی

ســـــــوپاسکی بۆ پایـــــــان... بۆ دادە و مامۆســـــتا گیـــــان
کـــــارمەندانی باخچـــــــەکەم... ســـــــوپاسی ئێـــــوەش

ئەکـــــــــەم
ئەو دوو ســـــاەی لـرە بـــــــووم.....لە باخچـــە ئەســـــــــتـرە بووم
مالی ســـــــز و ئەوین بـــــــووم...شـــــــاری یاری ەنگین بـــــوو
بـیـە دەـــم باخـــــچـــــەکەم...هـــــــــــەرگیز لـە یـادت ناکەم
بـاخچەی خونچـــــەی جـــوان جوانی...نیشـــــــــــــــــتمانی گوـانی
بـ پـــــەروەردە و زانیـــــــاری...وەکـــــــو ئەســـــــتـرە دیـــاری
وا ئەمساـیش تەواو بـــــــــــووـــــپـلـك خونچەی تر دەرچـــــوو
لـــە قـــــناغی کـــــــــتایی...بـــــــە خـــــــشی و دـنیـــــایی
دەـــن بـ قوتابخـــــــــــــــــــــــــــانە...دـیان زـر شـــــــــــــادمانە
ئەمەش منداـانی باخچە دەتوانن وەك گـرانی بیـــن و بە هەموو باخچەیکیش گونجاوە.
باخچەکەم
باخچەکەم سەیرانگـــایە...لام خـشترین جـگـــــــایە
پـ یاری جـراوجـــــــرە...یاری دەکەین بـــــە نـرە
مامـستاکان ـووخـــشن...بـ خـشیم بە پەـرـشـــن
هەتـا بـــی دـســـــزن.....خـشەویست و بە سـزن
رـزی ئـــــەوانم لایـــە...خـشم دەوـن وەك دایـە
مامـستایانی باخچەی منداـان ئەو دـسـز و خومخـرە ماندووانەن کە کارـکی گەورە و گرانیان لە ئەستـدایە ،بـیە ئەم هـنراوەیەم بەتایبەتی بـ ئەوان نوسیوە کە منداـان بە دەنگە ناسك و خـشەکانیا بـ مامـستاکانیانی بـــن بە ئاوازـکی خـش بیـــن.
مامـستا
مامـــستا شـیرینـــــەکـەم...هاندەری هیواو خـــــزگـەم
تـ بـ ئـمـــــەی وەك خـــونچە...تیشکی خـری لـــــــە باخچە
بە خـشـــەویستی و ســـــزت...بە کـــــــــاری زـر پیـرـزت
شتی جوانمـــــان فـر دەکەی...هـش و بیرمـان تـر دەکـەی
تـــا ئـمـــــەی بچکـــلانە.....لەم باخچە خـش و جـــوانە
گورج و گـ و چـــــالاك بین.....ـوو لە ئاسـی ـوونـــاك بین
نەورـز یەکـکە لەو بـنەکان کە منداـان بەخـشییەوە بەشداری تیا دەکەن .بـیە واباشە کە ئـمەش وەك نوسەری بواری ئەدەبی منداـان

هۆنراوەی تایبەت بەخۆیان و لە ئاستی تەمەنی ئەواندا بۆت ئامادە بکەین بۆیان تا لەو کاتانەدا بە دەنگە ناسو خۆشەکانیان بیڵێن.

شادی

وا نەورۆزە و ئامـــــادەم.....بەشداری ئاهـــەنگ بکەم
ئـــەی ئۆوە منتان دیـــوە.....جلی کـــــوردیم پۆشیوە
شـــاد و ئاســـودە دیارم.....وەك نۆرگـــزی بەهـــارم
ئۆوەی بچکـۆلەش وەك من.....هەتا شـاد و دڵخۆش بن
ئامـــــادە بن بە جوانی.....بەخۆشی و شادمـــــانی
لەو جەژنەدا بەشدار بن.....تا ئاسودە و بەختیار بن

گۆرانی بۆ نیشتمان و بۆ کوردستان یەکێکە لەو پۆیستییانەی کە واباشە منداڵانی کوردی پێ گۆش بکرێت .منیش ئەم هۆنراوەیەم بۆ ئەو مەبەستە نوسیوە.

خۆشترین نیشتمان

ئەم کـــوردستانە جوانە.....بۆ ئۆمـــــەی بچکۆلانە
خـــــۆشترین نیشتمانە
ئاڵاکەی شەکـــــاوەیە.....چـــــوار ڕەنگی ڕازاوەیە
دڵمان پێی کـــــــراوەیە
ئاو و هەوای ســـــازگاری.....باخچە و گوڵ و گوڵزاری
بوون بە مایەی بەختیاری
دەی دەی وەرن بۆ وەستان.....گۆرانی بڵێین هەمـــــووان
بڵێین بژی کوردســـــتان

هاندانی منداڵ زۆر گرنگە و دەتوانرێت لەو ڕێگایەوە وا لە منداڵ بکرێت کە حەز و خولیا و بەهرەکانی گەشە بکات و بەرەو پێش بچێت و لە هەمان کاتیشدا خۆشی بە منداڵ ببەخشێت.ئەمەش هۆنراوەیەك لەو بارەیەوە.

ئافەرین

چەندە خۆشە ئافـــەرین.....دەمانخاتە پێکـــــەنین
کە زیرەك و وریـــــا بین.....بە دڵی مامۆســـــتا بین
مامۆستاش هەموو کاتێ.....ئافـــــەرینمان دەداتێ

لە قوتابخانەدا پێلمان هەیە، بەڵام لە باخچەی منداڵاندا ژوورمان هەیە و هەر ژوورەش ناوی تایبەتی خۆی هەیە.زۆر جار لە باخچەکاندا هـــــەر بەنـــــاوی میوەکـــــانەوە ژوورەکانیـــــان نـــــاو ناوە(هەنار، پرتەقاڵ، ســـێو، هەرمێ، شیلك، مۆز.....)من لێـــرەدا هـــاتووم هەندێك ناوی ترم بۆ ژوورەکان داناوە و کردوومن بە هۆنراوە کە ئەوانیـــش بریتیـــن لـــە (باران، بەرســـیلە، پشیلە، کانی، کەمانچە، عود، پیانۆ، گۆزەر.....) بەو هیوایەی کە توانیبێتم کارێکم کردبێت کە

دووباره بوونەوە و سواوی لەو ناوانەدا نەبێت و نوێکاری تیا بەکار بهێنم.

ژووری باران

چەند خۆشە ژووری باران... بۆ ئێمەی وردیلە و جوان
جێگەی سەماو یاریيە.....جێی وانە و زانیاریيە
مامۆستاکان دەسزن.....میهرەبان و بەسزن
روخۆش و لێو بەخەندەن... یاری خۆشمان فێر دەکەن
رۆژانە دایان ناوە.....بە چیرۆك و هۆنراوە
باشترین ئامۆژگاری.....بۆمان بکەن بە دیاری

ژووری بەرسیلە

ئای چەند جوان و نەشمیلەین.....خونچەی ژووری بەرسیلەین
ئەم ژووره بۆ ئێمەی جوان.....جێگەی خۆشیيە و سەیران
بۆ فێربوون و زانیاری.....یان بۆ گۆرانی و یاری
بۆ چیرۆك و هۆنراوە.....لە لایەن مامۆستاوە
کە رۆژانە بە دیاری.....وەك وانە و ئامۆژگاری
پێشکەش بە ئێمەی دەکەن.....تا بەرە و پێشمان ببەن

ژووری پشیلە

ئێمەی ورد و نەشمیلە.....واین لە ژووری پشیلە
دڵشاد و لێو بە خەندەین... سەیری چەندە ئاسوودەین
دەم بە گۆرانی خۆشین.....وریا و ژیر و روخۆشین

ژووری کەناری

خونچە گوڵی بۆنارین.....وا لە ژووری کەنارین
لێو بە خەندە و چالاکین.....یاریی دەکەین دڵپاکین
دڵمان شادە و بەختیارین... خنچەی ژووری کەنارین

ژووری ئاسك

خونچەی جوان و ناسکین.....وا لە ژووری ئاسکین
روخۆش و لێو بە خەندەین.....دۆ پێ لە هیوا و خۆزگەین
چالاك و ژیر و وریاین.....خۆشەویستی مامۆستاین

ژووری نەورۆز

لە باخچە ژووری نەورۆز... پێ پێ لە شادی و سۆز
وەکو سەیرانگە وایە... پێ لە خونچەی ساوایە
جێی یاریيە بۆ هەمووان... ئازاوە و خۆشە لامان
هۆنراوە و چیرۆکی جوان... دیاری دەستی مامۆستان

ژووری پاساری

خونچەی ژووری پاسارین.....خەریکی سەما و یارین
بە خۆشی دێین و دەچین... زۆر هەمن و لەسەرخۆین
وەك پاساری ئاسك سوك... ئێمەی وردیلە و بچوك

گرانی دەین بۆ ژین...چونکە شاد و دڵخۆشین
ژووری ماسی
حەز دەکەیت من بناسی...وەرە بۆ ژووری ماسی
تا چالاکیم ببینی...زۆر بە جوان و شیرینی
شارەزا بیت لە توانام...بزانیت بەهرە و خولیام
لەسایەی مامۆستاوە...کە چۆن گەشەی پێداوە
لەوێ زۆر شادمانم...لەگەڵ گشت هاوڕێکانم
ژووری هەتاو
خونچەی ژووری هەتاوین.....وەک خۆر پرشنگ دەهاوین
ئەو کاتانەی لە باخچەین...دڵخۆش و لێو بە خەندەین
مامۆستای دێ میهرەبان...کە دێتە ژوور بۆ لامان
گەنجینەی زانیاریە...وانەکەی هەر یاریە
جارێك چیرۆکی بەسود...جارێك هۆنراوە و سرود
جارێك سەما و گۆرانی ...لەپێش نانی بەیانی
جارجارێکیش بە وردی...فیلم کارتۆنی کوردی
هەر لە ژووەکەی خۆمان.....دەکاتە دیاری بۆمان
ژووری مانگ
ئەم ژووە خۆش و جوانە...بۆ ئێمەی نەشمیلانە
دنیایەکی بەرینە...بۆیە لامان شیرینە
ژووری مانگی پڕ دەنگ...زۆر حەز دەکەین ئاوەش بێن
تا بزانن ئێمە چین...لەم ژووە چۆن فێر دەبین
بە هەواڵی مامۆستاکان...کە وەک خۆری باخچە وان
بۆ ئێمە زۆر دڵسۆزن.....کانی و سەرچاوەی سۆزن
ژووری خۆر
گوڵخونچەی ژووری خۆرین...بۆندار و جۆراوجۆرین
خاوەن بەهرە و چالاکین...ڕوو لە ئاسۆی ڕوناکین
ژووەکەمان وەک خۆمان...ئازاوەتەوە بۆمان
وەکو پێشانگا وایە...وێنەی جوان جوانی تیایە
دیوارەکان نەخشاون...تابلۆیەکی تەواون
ئەم ژووە وەک خۆر ڕوونە...مەبەندکی فێربوون
ژووری هەور
گوڵخونچەی ژووری هەورین.....هاوڕێی باران و بەفرین
ئەم ژووە بۆ ئێمەی جوان.....دنیایەکە فراوان
بۆ گۆرانی و یاریی زۆر.....بۆ چالاکی جۆراوجۆر
بۆ چیرۆك و هۆنراوە.....لەلایەن مامۆستاوە
خۆشترین جێیە بۆمان...دڵگیرە وەکو خۆمان
ژووری بەفر

گۆخونچەی ژووری بەفرین.....هاوڕێی باران و هەورین
ئەم ژووره بێ ئەمەی ژیر..... ئازاوه و خۆشە و دڵگیر
دیوارەکان نەخشاون.....تابلۆی پیا هەواسراون
منداڵ بێ یاریی کردن.....هەرچییەکی پێویست بن
لە ژووری بەفرا هەیە.....هەر هەمووی ئامادەیە
چیرۆك و هۆنراوەی جوان.....دیاریی دەستی مامۆستان
ژووری ئەستێره
خونچەی ژووری ئەستێرەین.....زۆر دڵخۆشین کە لێرەین
ژوورەکەمان ئاستەوخۆ.....بووە بە تەختەی شانۆ
یاریگای چالاکییە.....سەرچاوەی ئۆناکییە
لەم ژووره دیوارەکان .....پڕن لە وێنەی جوان جوان
کەوا مامۆستای دەست .....کێشاونی بەهەست و سۆز
وانەکانی ئازاوەن.....پڕ چیرۆك و هۆنراوەن
گۆرانی و مۆسیقایە..... یاری خۆش و سەمایە
ژووری سمێره
سەیری ژووری سمێره.....پڕ خونچەی هەمەجۆره
بە تابلۆی جوان و دڵگیر.....نەخشاوە بێ ئەمەی ژیر
هێندە خۆش و هەنگینە...بۆیە لامان شیرینە
مامۆستا بە زانیاری.....بە گۆرانی و بە یاری
وەك هاوڕێیەکی ڕاست سوك.....دێ بۆ لای ئەمەی بچوك
ژووری گۆزەر
ژووری(گۆزەر) لە باخچە....پڕە لە گوڵی خونچە
ژوورەکەش وەك خونچەکان.....بۆنخۆشە و ئازاوە و جوان
لەوێ هەرچی دیوارە.....پڕ لە نەخش و نیگارە
کە بێ ئەو ژووره دەچین.....زۆر ئاسوده و دڵخۆشین
مامۆستا گیان بە جوانی ....زۆر بە نەرم و نیانی
زانیاریمان فێر دەکات.....خۆشی بە دڵمان دەدات
ژووری کەمانچە
زۆر دڵخۆشین لە باخچەین....خونچەی ژووری کەمانچەین
ئای کە رازاوە و خۆشە....بێ ئەمەی جگەرگۆشە
مامۆستا بە شیرینی...سۆز و ناز و ئەوینی
لەگەڵ یاری و زانیاری...بۆمان دەکات بە دیاری
ئەمەش بە شادمانی...بە ئاواز و گۆرانی
دێ، ڕێ، می، فا،صۆل، لا، سی...دەڵێنەوە بە خۆشی
ژووری پیانۆ
گۆخونچەی ژووری پیانۆین....نەشمیلانە و لەسەرخۆین
ژوورەکەمان بە تابلۆ.....تابلۆی کەمانچە و پیانۆ

لەگەڵ دڕەخت و ڕووبار.....گوڵ و باڵندە و گیاندار
چیا و دەشت و دۆڵ و گرد...شار و گوند و کانی و پرد
کەسایەتی کارتۆنی...تام و جیری یان جۆنی
ئەمەندە جوان نەخشاون...بۆ ئۆمەی گوڵ کراون
مامۆستاش بە دەستی...بە خۆشەویستی و سۆزی
بە چیرۆك و هۆنراوە ...زیاتر خۆشی پێداوە
ژووری عود
گوڵخونچەین لە ژووری عود...دەم بە گۆرانی و سرود
یاری دەکەین پێکەوە.....بە دۆکی خۆشەوە
مامۆستای دەسز و چاك...هەروەکو خۆری ڕوناك
سۆزی پێمان بەخشیوە.....ژووڕەکەی داپۆشیوە
بۆ هەرلایەك بۆوانی.....هەنگینە و پڕ لە جوانی
ڕازاوەیە و پرشنگدار... نەخشێنراوە بە نیگار
ژووری گۆڤار
خونچەی ژووری گۆڤارین.....نەشمیلانە و نازدارین
وریا و ژیر و چالاکین.....لێو بە خەندە و دڵپاکین
ژووڕەکەمان وەك گۆڤار.....هەنگینە و ڕازاوە و دیار
شانۆیە بۆ نواندن.....جێیە بۆ یاری کردن
چیرۆك و هۆنراوەی جوان.....وەکو دیاری مامۆستان
پێشکەش بە ئۆمەی دەکەن.....خۆشی بە دڵمان دەدەن
ژووری کانی
گوڵخونچەی ژووری (کانی) ین...سەرچاوەی ئاوەدانین
بە ئاواز و مۆسیقا...بە گۆرانی و بە قاقا
ژووڕەکەمان پڕ دەکەین...خۆشی بە دڵمان دەدەین
دیوارێکی ئەم ژووڕە...سەوز و زەرد ،سپی و سورە
بوون بە ئاڵای کوردستان.....تا بیناسین ئۆمەی جوان
لێرەدا هاتووم وەك کارێکی نوێ و ئەنجام نەدراو پێشتر ئەم هۆنراوانەم نوسیوە بەناوی میوانی ژوور کە دڵنیام لەگەڵ زانیاری دا چێژ و خۆشیش بە منداڵانی باخچە دەبەخشێت.
میوانی ژوور 1
چۆلەکەیەکی بچووك.....لە دەرگای دا بە دەنووك
من چووم و کردمەوە لێی...وتم ئازیز بەخێر بێی
بۆ پێشوازی لە میوان.....ژوور بوو بە چەپڵەزان
وتی هاوڕێکانی من...زۆر حەزدەکەم دڵخۆشبن
ژووڕەکەمان بە جوانی...پڕ بوو لە شادمانی
بە جریوە و گۆرانی...ئاوازکمان پێکهانی
باخچە هەمووی پێی زانی

میوانی ژوور 2
ڕۆژێك كۆترێكی نەخشـــین.....هات و ســـەردانی كـــردین
لە دەرگـــای ژوورەكەی داو.....وتی هـــــــاوڕێیان سڵاو
چەند خـــۆشبوو بە گمەگم.....وتی میوانتـــان دەبـــم
ئێمەش خۆرا ، دەست و بـرد.....بەخۆرهـــاتنمان لێكـرد
گمـــــــەگم و پێكەنین.....سەمـــا و خۆشی و هەڵپەڕین
ژوورەكەی پڕ كـــــــردبوو.....ئای كە دڵخۆش بووین هەموو
پاشـــان دای لە شەقەی باڵ.....رۆیشت لای ئێمـــەی منداڵ
چـــــوو بۆ هۆلانەكەی خۆی.....كە وەك نیشتمـــــانە بۆی
میوانی ژوور 3
ڕۆژكیان كـــەوی كۆستان.....هات بۆلامان بەســـــەردان
بـــەخۆرهاتنمـــــان لێكرد.....قاقبەقاقی دەست پێكـــرد
مامۆستاش وەكـــــو هەموو.....لەگەڵمـــاندا بەشدار بوو
وتی ئەم كەوە جـــــوانە.....كە لەلامـــــــان میوانە
بۆ ئەوەی دڵی شـــــاد بێ.....زۆر حەز دەكـــات ئازاد بێ
چیا و هـــەردی كوردستان.....باخ و كێڵگـــــە و دارستان
لە لای ئەم خـــۆشەویستن.....بۆ ژیـــــــانی پڕویستن
ئەوەی كە لـە باخچەی منداڵاندا زیاتر سەرنج ڕاكێشە بـەلای منداڵانەوە وێنەیە، بەتایبەتیش وێنەی كەسایەتییە كارتێنیەكان و وێنەی گیانداران و باڵداران و سروشت.منیش لێرەدا ئەم خێنراوەیەم لەشـــوەی ئێپەرێتكـدا داشتـووە كـە مامۆسـتا دەتـوانێت سـودی لێوەربگرێت و هەم ئاوای بۆ دابنێت و هەم دیواری باخچەكەی پێ نەخشینتر بكات.چونكە دەتوانین لە هەمان كاتیشدا زانیاری لەسەر وێنەكانەوە بە منداڵان ببەخشین.
دیوارەكانی باخچە
كەرس:
باخچەكـــــەمان ڕەنگینە.....بۆیە لامـــــــــان شیرینە
دیـــــواری لـــەگشت لاوە.....بە وێنەی جـــوان نەخشاوە
باران:
هەر كاتێك چـــوویتە ناوی.....ئاســـــــودەی بە تـەواوی
سان:
وێنەی رازاوە و ڕەنگـــــین.....كەتر و كـــــەوی نەخشین
گـــۆی جوانی ڕەنگاو ڕەنگ.....یان بۆق و ماسی و نەهەنگ
كارا:
كـــــەڵەشێر و پاســـاری.....توتی و فنس و كەنـــــاری
ئەســـپ و زەڵافە و ئاسك.....پەپولـــــــەی ناسك ناسك
پەیڕەو:

فیل و کەروێشك و مەیمون.....كە خەریكی یاری بوون
مریشك و جوجەی جوان.....بەیەكەوە دەگەڕان
مراوی و قاز هێنرابوون.....لە ناو ئاودا نەخشابوون
باران:
هێماكانی هاتوچۆ.....تیایدا بوو بوون بە تابلۆ
ناز:
وێنەی وەرزەكانی سااڵ.....وێنەی خێزان ،خانو،ماڵ
ژووری میوان ، هی نوستن .....هەڵكیش بێ دانیشتن
لانە:
نا بێت لە بیرمان بچێت..... چێشتخانەش ژووری دەوێت
راز:
دوو ژووری تر پێویستن.....كە لە ناو ماڵدا هەبن
چونكە گرنگن تەواو.....تەوالێت لەگەڵ گەرماو
ئاوان:
ژوورێكی تری تیایە.....كە وەك گەنجینە وایە
بێ كەلوپەل هەڵگرتن.....پێویستی ماڵ تێكردن
ئارێ:
گەڵا و ێوەك و میوە.....سەر دیواری تەنیوە
وێنەی كارتێنیی ناسراو.....تێكەڵ كراون تەواو
كەرس:
وێنەی ئاڵای كوردستان.....وا لە سەرووی هەموویان
لەسەر وێنەی گوند و شار.....دەشەكێتەوە جار جار
ئەمەش چەند هێنراوەیەكی تر كە چێژو خێشی بە منداڵانی باخچە
دەبەخشن و حەز دەكەن بەپەرۆشەوە گوێی لێبگرن و لەماوەیەكی
كەمیشدا لەبەری بكەن.خێ ئەگەر ئاوازێكی خێشی بێ دابنرێت زووتر
لەبەری دەكەن.
خەونێك
لە خەونمدا ئەستێرە.....خێی هاتبوو بێ ئێرە
ماڵی ئێمەی دەزانی.....هاتبوو بە میوانی
وتی من میوانی تێم.....بردم بێ ژووەكەی خێم
كە ژووەكەمی بینی.....بە قاقا و پێكەنینی
وتی دەست خێش گوێی جوان.....سەركەوتوو بیت لە ژیان
مەلەكردن
ێژێك لە تاوی گەرما.....جلم نەهێشت لەبەرما
حەوزێكی مەلەمان بوو.....خێم هەڵدایە ناوی زوو
(ئارێ) ش وەكو مراوی.....هات خێی هەڵدایە ناوی
كەوتینە مەلە و یاری.....شادی و خێشی دەباری

دایکم وەك مامۆستا بووو..لە نزیکمان وەستا بوو
یاریمان دەکرد بە ئاو..فڕنك بووینەوە تەواو
پاشان وەکو مەلەوان..هاتینە دەر هەردووکمان
خۆمان گڕی دەستوبرد..چووم سوپاسی دایکم کرد
هەندێك لە هۆنراوەکان لەگەڵ سادەییدا دڕەکانی زۆرن بەڵام مامۆستا دەتوانێت وەکو ئۆپەرێتێکی بچوکی لێبکات و هەر منداڵەی دڕێك ڕێت .ئەوسا ئاسانتر دەبێت و زووتریش لەبەری دەکەن و سەرجەم منداڵانی ژوورەکەش بەشداری تێدا دەکەن و لە کۆتاییشدا هەموویان هۆنراوەکە بەتەواوی لەبەر دەکەن چونکە دووبارە دەبێتەوە..دایك ئەو مرۆڤە خۆشەویستەی کە هەموومان خۆشمان دەوێت و هەمیشە بەبارانی سۆزوخۆشەویستی بۆسنوری خۆی ئارامی و ئاسودەیی و خۆشی بە دڵەکانمان دەدا..دەبێت منداڵانی باخچە کە ماوەیەك ڕۆژانە لە دایکیان دووربن چۆن و چی بکەن..منیش لە روانگەی ئەوەوە ئەم هۆنراوەیەم نوسیوە کە دڵنیام چۆزی تایبەتی خۆی دەبێت بۆ منداڵان.

دایە

خۆشی نییە بگاتە.....بۆن و ئامۆزی دایە
سۆز و ماچی شیرینی...شیلەی هەنگوینی تیایە
سەرخستنە سەرێانی...ئاسودەیی و ئارامی
دەبەخشێ بە هەموومان....شاد بین بەبەردەوامی
دەنگی بەسۆز و خۆشی.....مۆسیقای سروشتییە
خەندە و پێکەنینەکەی .....لە هۆنگ و وێنەی نییە
سەرچاوەی هۆز و تینە...بۆ ئۆمەی بچکۆلانە
هیوامان پێ دەبەخشێ.....سەرکەوین لەم ژیانە

ئەم هۆنراوانە تایبەت بوون بە منداڵانی باخچەی منداڵان و هەندێکیشیان پێلەکانی یەك و دووی بنەڕەتیش بەپەرشەوە گوێی لێدەگرن و حەزی لێدەکەن.ئەوەی من لەم نوسینەمدا مەبەستم بوو لێرەدا ئەوەبوو کە کۆمەڵێك هۆنراوەی وا بخەمە بەردەست مامۆستایانی باخچەی منداڵان هەروەها لەهەمان کاتیشدا دەستپێشخەرییەکیش بێت بۆ ئەوەی کە پڕۆگرامێك یان کتێبێك کە چەندین هۆنراوەی لەم شێوانەی تیابێت ئامادە بکرێت و لەهەموو باخچەیەکدا هەبێت تا مامۆستایان بەپێی بەرنامە و پلانی خۆیان سودی لێوەربگرن .بۆگومان دانانی کتێبێك یان کارێکی لەو شێوەیەش پێویستی بە لێژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا هەیە بۆ دیاریکردنی هۆنراوە و چیرۆکەکان تا جوانترین و بەسودترین و گونجاوترینیان بۆ ئەو قۆناغە هەستیار و گرنگە هەبژێن

.....